# دونیای دوای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

دەربارەی ئازادی و تایبەتمەندییەکانی ئێمە لە دونیای دیجیتاڵیدا

**جواد خەلیل**



٩ی کانونی یەکەم، ٢٠٢١   وتار

پێش پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرفراوانبوونیان، مرۆ خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی بوو، سنوورێکی بۆ ئەوانی دی دانابوو تا بەتەواوی نەیەنە ناو ژیانییەوە، لێ دوای پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی زۆری خەڵکی ئارەزوومەندانە دەستبەرداری ئەم تایبەتمەندییانە

بوون. ئیدی ئارەزووەکان، جۆری پۆشـــاک و نان خواردن و بیرکردنەوە و تەنانەت پێکەنین و دڵتەنگییەکانیشـــی بە تەنها لەو ســـنوورە بەرتەســـکەدا نەمانەوە و هاتنە نێو تۆڕەکانەوە، بوون بە بەشێک لە جیهانێکی گەورەتر.

ئایا ئەمە کارێکی باش بوو ئێمە کردمان؟ ڕەخنەگر و نووســەری ناســراوی ئەڵمانی "**ئەندریاس بێرنارد**"[١] یەکێکە لەو نووســەرە دەگمەنانەی کە بەشـێکی زۆری کتێب و توێژینەوەکانی خۆی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. ئەو لەو بـاوەڕەدایە کە دەســـــتبەرداربوونی ئێمە لە تـایبەتمەنـدییەکـانی ژیـانمـان ئەوەنـدەش ئـارەزوومەنـدانە نەبووە، بەڵکوو ئێمە لە دۆخی نـاجێگیری و گومان و ڕاڕاییەوە هاتووینەتە نێو ئەم تۆڕانە و بەردەوامیش بەو گومانەوە لەگەڵی ماوینەتەوە. کاتێک وێنەیەکی تایبەتی خۆمان، زانیارییەکی کەســـــی دادەنێین، یان لەگەڵ هاوڕێ و کەســـــانی نزیکماندا چات دەکەین، هەمیشـــــە مەترســـــی بڵاوبوونەوە و دزەپێکردن و خراپ بەکارهێنانیانمان هەیە، بەڵام سەربازی ئەمانەش هەر بەردەوامین لە دووبارەکردنەوەیان.

کەواتە کاتێک ئێمە دەزانین لە شوێنێکداین کە تەنراوە بە گومان و چاودێری، بۆچی هەر بەردەوامین و لێی دوور نـاکەوینەوە؟ چونکە ئەم جیهـانە پۆلیســـــییە بەتەواوەتیی جیاوازە لە جیهانە پۆلیســـــییەکانی پێشـــتر، ئێمە بەوپەڕی ویســـــت و ئـازادیی خۆمـانەوە هـاتووینەتە نێو ئەم جیهـانەوە و ئالودەی بووین و ناشتوانین بەئاسانی دەستبەرداری بین. ژەهرێکی شیرینە و هەمووانی فریو داوە.

---

[١] (Andreas Bernard) ئەندریاس بێرنارد (١٩٦٩) کولتوورناس و پرۆفیسۆر و ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانیاییە، پسپۆڕی بواری کولتووری دیجیتاڵییە، ئێستا پرۆفیسۆرە لە سەنتەری کولتووری دیجیتاڵییە لە زانکۆی لۆیفانا لە لۆمبێرگ

یەکێک لەو کتێبە گرنگانەی بێرنارد، کە دەربارەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یارییەکانی سـەر ئینتەرنێتە، کتێبی (سـەردەمی کۆتاییهاتنی تایبەتمەندی)یە. بەشـێکی گەورەی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی cps لە دزەپێکردنی زانیارییە تایبەتییەکانی ئینسان و گەیاندنی ئەم زانیـارییـانە بە دەزگـا هەواڵگرییەکـانی دەوڵەت. ئەم لێکۆڵەرە بە شـێوەیەکی سـەرسـوورهێن ئەوەمان بۆ ئاشـکرا دەکا، کە چۆن ئێمە هەمووومان لە ڕێی ئەم تۆڕانەوە، خراوینەتە ژێر چاودێریی ورد و سەرجەم تایبەتمەندی و نهێنییەکانمان لە بەردەسـتی دەزگا هەواڵگرییەکاندایە. ئەو ئاگادارمان دەکاتەوە لەو مەترسییەی کە چۆن هەموو چاتکردنێکمان، هەموو نامەیەکی ئێمە، هەموو وتووێژێکمان لە ڤایبەر و واتس ئاپ و ماسـنجەر و ئەپەکانی دیکە، لەژێر چاودێری و ڕەحمی دەسـەڵات و دەزگای ئاسـایشـی دەوڵەتدایە.

'ئەندریاس بێرنارد' پێمان دەڵێت چیدی ئێمە لەنێو دونیایەکی پارێزراودا نین، ئێمە بووین بە بەشـێک لە سـیسـتەم و دەوڵەت خاوەنداریمان دەکات، هەر خۆیشـی خاوەنی کۆدی نهێنی و تایبەتمەندییە زۆر کەسـییەکانیشـمانە. دونیای دوای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەرگیز دونیای پێش پەیدابوونی ئەم تۆڕانە نییە. پێشـتر دەوڵەت (وەک لە ڕۆمانی ١٩٨٤ جۆرج ئۆرێڵ دەیبینین) دەبوو تاکەکان بکاتە چاودێر بەسـەر یەکترەوە و متمانە لە نێوانیاندا نەهێڵێت، بەڵام ئێسـتا دەوڵەت کاری بە تێکشـکاندنی ئەو متمانەیەوە نییە، بەڵکوو خۆی ڕاستەوخۆ چاودێرییەکە ئەنجام دەدات و زووتر و خێراتریش دەرئەنجامی دەگاتە دەست، لەوەش سەیرتر ئێمە بەکارهێنراوی یەکەمین بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاودێرییە ڕاستەوخۆکە.

**کەنارگیریی کۆمەڵایەتی و دابڕان لە تۆڕەکان**

لە دۆخێکی وەهادا؛ تاکی ئازاد ئەوەی کە نایەوێ کۆتوبەندی دەوڵەت و چاودێرییەکەی بیگرێتەوە و ناشـــخوازێت دەســـتبەرداری تایبەتمەندییەکانی خۆی بێت، چارەنووســــی چی لێ دێت؟ بێگومان دەکەوێتە دۆخی جۆرە بەرگرییەکەوە کە دەشێت ناوی بنێین "بەرگریی نائومێدانە". تاکی بەرگریکار دەچێتە جەنگێکەوە دژی هەمووان، کە لە یەککاتدا ناچارە دژی دەوڵەت و تۆڕە بەرفراوانەکانی سۆشیال میدیا و خەڵکانی دەستەمۆکراو، کە زۆرینەی ڕەهـا پێک دێنن، بجەنگێت. دەرئەنجامی ئەم جەنگەش گۆشـــەگیری و نائومێدی و زاڵبوونی هەســـتە نەرێنییەکانە بەســـەر باری دەروونی و جەستەیی و هزری کەسی بەرگریکاردا؛ ئەوەی کە "ئەندریاس بێرنارد" پێی دەڵێت "گۆشـەگیریی کۆمەڵایەتی" و پێی وایە چارەنووسـی هەموو ئەوانەیە کە دژایەتی ئەم چاودێرییەی دەوڵەت دەکەن و ڕووبەڕووی دەبنەوە.

تۆڕەکان، چەکی هەرە گەورەی دەســـتی دەوڵەتن بۆ لێدان لە تاکی ئازاد و بەرگریکار. لە ڕێی ئەم تۆڕانەوە کەشـێکی ترسـناکی وەها دەخوڵقێنرێت کە کەس نەتوانێت بە ئاســـانی زەفەرییان پێ ببات. خاڵی هەرە ترســـناکی ئەم تۆڕانە بەخشـــینی پانتاییەکی فراوانە لە ئازادیی وەهمیی بە تاک. ئازادییەک، کە لە توانایدایە ئاســـوودەیی ئەوەمان بداتێ کە ئێمە لە شـــوێنێکی ئارام و بێوەییداین و لەدەســـتدانی ئارامیشـــمان پەیوەســـتە بە لە لەدەســـتدانی ئەم تۆڕانەوە. بە واتایەکی دیکە تۆڕەکان پێمان دەڵێن ئێوە لە داکەوت(واقیع)دا ژێردەستەیی و ملکەچی ئەزموون دەکەن، لێ لای ئێمە ئازادی و سەربەستی! بۆیە ناتوانن لێمان دابڕێن و لە هەر کوێیەک بن پێویســـتتان بە ئێمەیە و بۆمان دەگەڕێنەوە.

ئـایـا دابڕان لەم تۆڕانە و هەڵبژاردنی گۆشـــەگیریی کۆمەڵایەتیی بۆ مرۆ ئەوەندە ئاســـانە؟ لە دونیایەکدا کە ســـەرتاســـەری تەنراوە بە تۆڕەکانی پەیوەندی، چ شـــوێنێک دەمێنێتەوە بۆ تاکی ئازاد تا مومارســـەی ویســـت و خولیا و کردە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بکات و بتوانێت کاریگەریی بخاتە ســـەر دەورووبەر؟ کە دێینە جیهانی دەرەوەی تۆڕەکان و دەمانەوێت لێیان هەڵبێین، دەبینین ئەمە بەو ســادەییە نییە کە پێشــبینیمان کردبوو، ئاخر ئەو جیهانە دەرەکییەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی ئەو دونیا دیجیتاڵییەیە، ئێمە لەوێش بەردەوام لە بەرکەوتنداین لەگەڵ ئەو جیهانبینییە بەرفراوانەی ئەو تۆڕانە خوڵقاندوویانە. لەوێش ناتوانیت بە بەردەوامی خۆت لەوانە دابـڕیت کە گرێدراوی جیهانە دیجیتاڵییەکەن. بۆ نموونە ســـەروەختێک کە تۆ لەگەڵ دەورووبەرەکەت، یان لەگەڵ ئەوانی دیکە دەکەویتە گفتوگۆوە؛ ناخودئاگا بابەتە سەرەکییەکانتان لە پنتێکدا هەر دەچێتەوە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و جیهانە دیجیتاڵییەکە. لەوێوە جارێکی دیکە کۆنتاکت و پەیوەندییت بەو تۆڕانەوە دەبێتە ئەمری واقیع. تۆ کە وای دادەنێیـت لە دەرەوەی ئەم تۆڕانەیت، زۆر جار بەبێ ئەوەی بە خۆت زانیبێت کەوتوویتە داوەکانیانەوە. تۆ دەبێت ئەوە بزانیت کەوا تۆڕەکان لە ئاڕاســـتەکردنی هزر و ڕوانینی بەرامبەرەکـانتـدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیـان دیوە، ئەوان تەرجومەی ئەو ئاڕاستەکارییەن ڕووەو تۆ، لێیەوە دەستکاری دونیابینی و ئاڕاستە هزری و غەمە گشـتییەکانت دەکەن. تۆ لە جێگایەک دانیشـتوویت و کەسـێک هەر لە ڕێی مۆبایلەکەی دەســـتییەوە، هەواڵێکت بۆ دەخوێنێتەوە کە ســـەرنجت ڕادەکێشـێت، تۆ ئەمە دەبینیت و بەشـدار دەبیت لە شـەن و کەو کردنی ئەم هەواڵەدا، لەوێدا تۆ بەبێ هیچ سـڵەمینەوەیەک و ناڕاسـتەوخۆ چوویتەتە نێو ئەو دونیایەوە و ئەو هەواڵە ڕۆڵی هەبووە لە ڕاکێشـانی تۆ بۆ نێو بابەتێک

که پێشتر نیازی قسه لەسەرکردنیت نەبووە. بەم شێوەیە ئێمە هەموومان، چ لەنێو تۆڕەکـــان و چ لە دەرەوەی تۆڕەکـــان لەوەدا یەکـدەگرینەوە کە خزێنراوینەتە نێو ســـیســـتەم و چوارچێوەیەکی دەرەخۆییەوە و ناخودئاگا ئاڕاستە دەکرێین.

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەندروستیی تاکەکان

یەکێک لە گرنگترین ئەو پرســـانەی کە "ئەندریاس بێرنارد" لە کتێبەکەیدا وروژاندوویەتی، پرســـی تەندروســـتیی تاک و پەیوەندییەکانێتی بە تۆڕە کـۆمـەڵایەتـیـیەکـانەوە. گـومـان لەوەدا نـیـیە زۆر مـانەوە لەنـێو تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، جەســـتە و ئاوەز و دەروونی مرۆ ڕووبەڕووی چەندین نەخۆشیی ترسناک دەکاتەوە. بۆ سەلماندنی ئەمە بە تەنها گەڕان و سێرچی نێو کتێبەکان بەس نییە، بەڵکوو دەبێت بچینە نێو واقیعەوە و ســـەیرێکی دۆخی ئێستێی کۆمەڵگەکان بکەین؛ بڕوانینە دەورووبەرمان و بچینە نۆڕینگە پزیشـکییەکان و قوتابخانەکان؛ بپرسـین لەو مامۆسـتایانەی کە دەناڵێنن بە دەســـت ئالوودەبوونی قوتابییەکانیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە؛ بڕۆینە لای پزیشکانی چاو، سەیری ئەو سەدان و بگرە هەزاران گەنج و منداڵانە بکەین کە بە هۆی زۆر ڕوانینان لە شاشەی مۆبایل و ئایپادەکانیان، لە دەرئەنجامی زۆر مانەوەیانەوە لە خەت، چ باجێکیان داوە و چۆن خەریکە بیناییان بەتەواوی لە دەست دەدەن! زۆرێک لە نەخۆشـییە دەروونی و جەســـتەییەکانی ئەمرۆ، بێ هیچ ســـڵەمینەوە و هەڵاواردنێک پەیوەســـتن بە ئامادەیی بەردەوامی تۆڕەکانەوە لەنێو ژیانماندا. کە دواجار هەموو ئەمـانە پێکەوە، کۆمەڵگەیەکی داڕمـاو و وێران دێننە ئـاراوە، کە تاکەکان تێیدا نەک بە دوای ماف و ئازادییەکانی خۆیاندا ناچن و عەوداڵی

نین، بەڵکوو لە ئاسـت پاراسـتنی جەسـتە و ئاوەز و دەروونی خۆیشـیاندا دەستەوەستان و بێباکن.

**پەیوەندی پەڕاوی تایبەتیی بە تاواناسییەوە**

لە کۆندا تـاوانبـاران بۆ ئەوەی خۆیـان بشـــــارنەوە و لەبەرچـاو ون بن، نـاچـاربوون مەلەف و پەڕاوی کەســـیی خۆیـان گومنـاو بکەن تـاوەکوو بە ئاسـانی نەناسـرێنەوە. هەرکاتێک دەسـتگیر بکرابان و بخرانایەتە زیندانەوە، پەڕاوێکی کەســییان بۆ دروســت دەکرا و ســـەرجەم زانیاری و نهێنی و تایبەتمەندییە کەسییەکانیانی تێدا کۆ دەکرایەوە. لێ لە دونیای نوێدا، لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، داوای پەڕاوی کەســـیی لە هەمووان دەکرێت و هەمووان بە دڵخۆشـــییەوە بەرەو ئەم داوایە دەچن. لێرەوەیە کە هەموو ئەوانەی نایەنە نێو ئەم تۆڕانەوە، بە مەترسـییەکی گەورە دادەنرێن بۆ سـەر ســـیســـتەم و دەزگا دەوڵەتییەکان و وەکو تاوانبار دەبینرێن. بۆ ئەمەش وەهمی ئەوەیان خسـتۆتە ڕوو، کە زۆرێک لە تاوانبارە گەورەکانی جیهان و تیرۆرسـتە بەناوبانگەکان هیچ کام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار ناهێنن و لە هیچ شوێنێکدا پەڕاوی کەسی و زانیاریی کەسییان نەخستۆتە ڕوو. ئەمە بۆ خۆی جۆرە هاندانێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ڕاکێشانی ئەو کەسانەی ملکەچ نەبوون تاکوو بخزێنرێنە نێو ئەم تۆڕانەوە. بە بڕوای "ئەندریاس بێرنارد" ئێمە لە ڕێی پەڕاوی کەســیمانەوە داگیر کراوین، هەموو ئەو شـــتانەی کە دەکرێت لە لای پۆلیس و دادوەر وەک پێناس باس بکرێن، لە ئەپەکاندا هەن و بەردەســـتن. ئیدی دادوەران و پۆلیس و دەزگـا ئەمنییەکـانی دەوڵەت دەتوانن تەنها لە ڕێی پەڕاوی کەســـیی نێو تۆڕەکانەوە، هەم شـــوێنمان بدۆزنەوە و هەمیش وەک بەڵگەی یاسایی لە دژمان بەکاری بهێنن. دۆسیەی

دەســـــتگیرکراوانی بادینان، دیارترین نموونە و نزیکترینیانە لە ئێمەوە. زۆر بەســـــادەیی هەمووومان لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزب و حکومەتەوە بینیمان کە چۆن گفتوگۆ و چاتکردن لە ڕێی ماســـنجەر و ڤایبەرەوە کراون بە بەڵگە بۆ پیلانگێڕی و سیخوڕێتیی چەند ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێک! لە ڕێی ئەم دۆســـــیەیەوە حکومەت و دەزگا هەواڵگرییەکانی پێیان وتین: گەر بمانەوێت زۆر بەئاسانی دەتوانین بچینە نێو بچووکترین وردەکاری پەڕاوی کەســـییتانەوە و دەســـت بگرین بەســـەر چات و پۆســـت و پەیوەندییە زۆر کەسـییەکانیشـتاندا؛ دواجاریش بیانکەینە بەڵگەی حاشـاهەڵنەگر و دژی ئێوە بەکاریان بهێنینەوە. لەم سـەردەمەدا چیدی تاوان تەنها تاوانێکی کردەییانەی نێو واقیع نییە؛ بەڵکوو دەشێت مەسـجێکی ماسنجەر و ڤایبەر یان نامەیەکی واتس ئاپ بێت، دەشـێت پۆسـتێکی فەیسـبوک بێت، یان تەنانەت کۆمێنتێک بێت و ببێتە بەڵگەی سەرەکی بۆ ناساندنی هەریەک لە ئێمە وەک تاوانبار و پیلانگێڕ!

**قوربانییەکان لە دونیای دیجیتاڵیدا**

دونیای پێش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر دونیای ئابڕووپارێزی و پاراسـتنی کەرامەتی مرۆیی بوو. کاتێک کەسـێک شـێوە ژیانێکی جیاوازی تـاقی بکردایەتەوە، یـان کـارێکی ئـابڕووبەرانەی (بە واتـا کۆمەڵایەتییەکەی) ئەنجام بدایە، لە جوغزێکی بچووکی جوگرافییدا دەمایەوە و دوای ماوەیەک چـاوپۆشـــیی لێ دەکرا و بیردەچووەوە؛ یـاخود لە خراپترین دۆخـدا ئەو جێیەی جێدەهێڵا و دەچووە شار و ناوچەیەکی دیکە و دەستی دەکردەوە بە ژیانی ئاســایی خۆی، بەوپەڕی شــکۆپارێزیی و قەدرزانییەوە. بەڵام لەگەڵ هــاتن و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکــان و تۆڕەکــانی

پەیوەندیی بە شـێوەیەکی گشـتی، ئەمە بە تەواوی گۆڕانی بەسـەردا هات. هەموو ئەوانەی خوازیاری پراکتیزەکردنی شێوە ژیانی جیاواز و نائاسـایین لە دیدی کۆمەڵگەوە، کاتێک کارێکی نائاسـایی ئەنجام دەدەن و کۆمەڵگە پەسەندی ناکا، زۆر بەئاسانی دەنگدانەوەی ئەم کارە نائاساییە بە مەبەست فراوان دەکرێت و دەچێتە جوگرافیایەکی زۆر گەورەتر، کە ئەسـتەمە ئیدی کەسـی شـکۆشـکێنراو و قوربانیی بتوانێت بەو ئاسـانییە لێی دەرباز بێت. ئاخر ئەو هێندە دەناسـرێت، بچێتە هەر شـوێنێک و لە هەر کوێیەک بێت خەڵکی لێی ناگەڕێن و بیری دەخەنەوە کە ئەو شکۆشکێنراو و ئابڕووتکاوە. لێرەدا ئەم کەسـە دەکەوێتە بەردەمی چەند بژاردەیەکی سـەخت، یان دانان بەو واقیعە تـاڵەی تێیـدایە و هەڵکردن لەگەڵیـدا؛ یـاخود پەنـابردن بۆ خۆکوشـتن(کە بەداخەوە هەنـدێکیـان ئەم ڕێگـایە هەڵـدەبژێرن)، یـانیش هەڵگیرسـاندنی جەنگێک لەنێو تۆڕەکانەوە دژی هەمووان، کە ئەمەشـیان هێندە ئاسـان نییە و کەسـی قوربانی دەبێت بەردەوام ئامادە بێت بۆ هێرشـێکی دەسـتەجەمعی و سـووکایەتی پێکردنی بەردەوام تا دەگاتە هەڕەشەی جیدی کە دوور نییە ترۆری فیزیکی لێ نەکەوێتەوە.

قوربانییەکان لە دونیای دیجیتاڵیدا بە تەنها ئەمانە نین، بەڵکوو زۆر جار کەسـانی ئاسـایی و بێزیانیش دەبنە قوربانی و لە ڕێی چاوپێکەوتنێکەوە، قسـەیەک دەکەن و لە پڕ دەبنە فیگەرێکی دیـاریی تەرفیهیی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەمووان قسـەکەی دووبارە دەکەنەوە، تاکوو دواجار ژیانی لێ تاڵ دەکەن و ناهێڵن بحەسێتەوە و ژیانی ئاساییانەی خۆی بژێت. لەم چەند سـاڵەی دواییدا کۆمەڵگەی ئێمە زیاد لە قوربانییەکی وەهای خستۆتەوە، قسە باو و نەستەقەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە قسە و گوزارەی کەسـانی زۆر ئاسـایین و خزێنراونەتە نێو دونیای بێ ڕەحمی

دیجیتاڵییەوە. (مەعاشـــەکەو جوانە گەواو، ســەعاتەکەی ئاوات، با ماڵمان بە قوڕ نەگیرێ و دواهەمینیشـــیان کچەکەی کەژاڵی؟) هیچ نین جگە لە ترۆری کەسـایەتیی و کردەییەکی قۆشـمەبازانەی بێ مۆراڵ، کە تێیدا هیچ حسـابێک بۆ دۆخی دەروونی و شـــکۆی مرۆییانەی قوربانییەکان نەکراوە و ناکرێت. ئەوەی جێی ســـەرنجە لێرەدا، هەموو ئەو فیگەرە دیارانە کاتێک ئەم قسـانە دەکەن، لە نـاواخنی تراژیـدیـاوە دەدوێن و لە ڕێی هەڵچوونە دەروونییە کۆنترۆڵنەکراوەکـانیـانەوە قســـەی وەهـایـان بە زاردا دێـت، کەچی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان دێن و ئەم نەفەســـە تراژیـدییە بۆ کۆمیـدیـایەکی بێتـام دەگۆڕێت.

مامۆسـتایەکی ئاسـایی بە نیازی بازاڕکردنێک لە ماڵەوە دەچێتە دەر، لە پڕ دەبینێت کۆمەڵێک گەنج خۆپیشاندان دەکەن و پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانیش کە بێ مووچەن و بە چەنـد مـانـگ جـارێـک مووچەیەکیـان دەدرێتێ، ڕووبەڕووی ئەو گەنجانە دەبنەوە و ئازاریان دەدەن، ئەم مامۆستایەش هەر بەو عەلاگەیەی دەســـتییەوە کە بازاڕییەکەی پێکردووە و لە ســـووچێکی کۆڵانەکەوە کە ئەم دیمەنی پێکـداهەڵگژانە دەبینێ، توورە دەبێـت و بە پۆلیسەکە دەڵێت: مەعاشەکەو جوانە گەواو! مامۆستا دەچێتەوە ماڵ و وەک ڕۆژانی ئاســایی مۆبایلەکەی بەدەســتەوە دەگرێت و دەبینێت ئەم قســەیەی ئەو وەک بۆمبێـک لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکـانـدا تەقیوەتەوە و هەمووان دەیلێنەوە، ئەمە چییە؟ من بەنـاوبـانـگ بووم! بەڵام بەنـاوبـانگبوونێکی خۆنەویستانە و سەخت، بەناوبانگبوونێک کە خۆم نەمویستووە و بەسەرمدا سەپێنراوە، ناوبانگێکی موزەیەف و گاڵتەجاڕانە! ئەوانەی هەڵگری ئەم جۆرە لە ناوبانگن، لە هەموو کەس زیاتر کۆکن لەگەڵ ئەو وتەیەی "سـارتەر"دا کە

پێی وایە ( ئەوانی دیکە، دۆزەخن)، ئاخر ئەوان ڕۆژانە ئەزموونیی ئەم واتایە دەکەن و بەدەستییەوە دەتلێنەوە.

دونیای دوای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاوها مرۆ دەکاتە قوربانیی، لە پێناو گەرمگردنی بازاڕەکەی خۆیدا. لە پێناو دابینکردنی ســـاتەوەختێکی خۆش و چێژبەخشـــانە بە بەکارهێنەرانی خۆی. ئەمە دەبێتە بابەتێک بۆ ســـەرقاڵی و کاڵبوونەوەی حەماسە شۆڕشگێڕی و دۆخە تراژیدییەکەش. بەم شێوەیە لە ناواخنی تراژیدیاوە کۆمیدیا لەدایک دەبێت و هەمووان کەیف خۆش دەبن و دەوڵەت و دەزگا میدیاییەکانیش سوودمەندی یەکەمن، بەڵام لەسەر حسابی کێ؟ قوربانییەکان وەڵامی ئەمەیان لایە، تەنها ئەوە نەبێت ئەوان نایانەوێ لەوە زیاتر باس بکرێن، بۆیە وەڵاممان نادەنەوە!